ئەگەر پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بیووتایە: (سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ)^؛ هیچ یەکێک لە ئێمە پشتی نەدەچەماندەوە هەتاوەکو پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سوجدەی دەبرد، پاشان ئێمەش لە دوای ئەو سوجدەمان دەبرد. ^(واتە: خودا وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە حەمد وسوپاسی دەکەن)

لە عبداللەی کوڕی یەزیدی خەتمی ئەنساڕیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: بەرائـ پۆمی گێڕایەوە (وئەو درۆزن نییە)؛ ووتی: ئەگەر پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بیووتایە: (سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ)^؛ هیچ یەکێک لە ئێمە پشتی نەدەچەماندەوە هەتاوەکو پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سوجدەی دەبرد، پاشان (ئێمەش لە دوای ئەو سوجدەمان دەبرد. ^(واتە: خودا وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە حەمد وسوپاسی دەکەن
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

بەڕائی کوڕی عازیب -ڕەزای خوای لێبێت- کە هاوەڵێکی ڕاستگۆیە، دەیگێڕتەوە بۆمان کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک سەری لە ڕکوع بردن بەرز دەکردەوە؛ دەیفەرموو: (سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ) واتە: (الله وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە حەمد وستایشی دەکەن)، ئەوانەی لە پشتی ئەو بوون هەر بە پێوە دەمانەوە، و هیچ کەسێک پشتی بۆ سوجدە بردن نەدەچەماندەوە هەتاوەکو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نێوچاوانی دەخستە سەر زەوی، پاشان ئەوانیش لە دوای ئەو سوجدەیان دەبرد.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6097

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee